چرپەیەک

تەنها لەگەڵا تۆدا ...

دەتوانم بە دۆزەخی ڕەشی یادگارەکانما بگەڕێمەوە

ئەی هاوڕێیە ئازیزەکەم

ئەی ئەو گۆچان پیرۆزەی لە هەموو خلیسکێکا ..

خۆمی پێ دەگرمەوە !

ئێوارەیە و .. تەنها پەنا و پەساردەم تۆی

بەم ئێوارەیە .. گەڕیدەیەکم

هەموو سووچێکی شارەکەت وا نەفرەتم لێ دەکا

بۆ کوێ بچم..؟

لە کوێیە ساماڵی حەزی تۆ..؟

بارانێکی سوێر دەبارێ و .. توامەوە؟

فریام کەوە.. دەی دەخیلە ساماڵت !

N

کە بە مناڵی .. وڕکم دەگرت و نەدەخەوتم..

بە گورك و سەگ دەیان ترساندم

بەڵام گیانە.. لەگەڵا تۆدا.. هونووکە بە مردنیش بمترسێنن

من هەر ئەو سۆفییە عاشقەم ..

کە مزگەوتی: چاوانی تۆن..!

کە دەستت لە نێو دەستمابێ چ جیاوازییەکی دەبێ..

چیمەن و گۆڕستانی بەجێماوی هەزار ساڵە؟

تەنیا لەگەڵتا .. هەموو هەورازێکی سەختی..

ئەم وڵاتە پڕ هەورازە.. بۆ من لێژە !

N

لەوەتەی دەتناسم ..

بە شارەکانا هەر دەگەڕێم و .. دەپرسم

خەڵکینە: کوانێ گۆرانییە ناخۆشەکان؟

کوانێ کچە ناشیرینەکان؟

لەوەتەی دەتناسم ..

بۆ هەموو دونیا کەوتۆتە ژێر پەشمینی .. ئاڵی چاوانی من؟

خەریکە خەونی شەوانم ..

لە خێو.. لە دێو.. لە جنۆکە.. لە مۆتەکە.. بژار دەکرێن..!

دەستم بگرە .. توند بە خۆتەوە بمگرە ..

خەریکە منی گێڕ و سەقەت ..

فێرە سەمای پێش مردن بم

ئەی هاوڕێیە ئازیزەکەم ..

لێت دەپاڕێمەوە ..

با شاژنانی بەژن زرافی خۆشەویستیت

گەمارۆم نەدەن

لە سەرسامی .. لە خۆشیانا نەوەك بمرم

ئاخر ئێمە.. کوڕانی ماڵە هەژارەکان

فێریان کردووین: ڕۆڵە .. هەر زەردەخەنەیەك ..

فرمێسکێکی لە دواوەیە !

هەر زانێك و .. مردنێکی لە دواوەیە !

ئیتر گیانە خۆشت نەوێم

ئاخر نەوەك .. نەوەك بمرم !

بەڵام نا.. بۆم وەرەوە

فریام کەوە..

من ئەو منالە ئیفلیجەم کە تۆ دەبینم پێ دەگرم !

N

وەرە بچرپێنمە گوێچکەت ..

نەبا کەسێ گوێی لێمان بێ ..

گەر دەتەوێ پێبکەنی..

من نوکتەیەکی زۆر گەورەم

خۆ گەر عاشقە گریانیشیت..

ئەوا من داستانی خەمێکی مەزن و زیندووی..

هەزار ساڵەم..!

N

من دەزانم .. دەزانم چ دەریایەکی قووڵی تۆ..

کەچی هەموو شەپۆڵە شێتەکانی خۆت دەمرێنی و ..

منیش منالێکی قەرەجی رۆخانەتم..

کراسە شڕەکەم پڕ دەکەی لە ماسی زەرد و سوور ..

من و پیرە دایکم خەنی دەکەی

من پێموتی:- ئەگەر هاتی..

سەرینت بەردی شاخێکە

پێستی خۆشت ڕەشماڵتە

ئەتۆش وتت: تۆ لەگەڵمای هیچ قەیدی ناکا

ئەمشەو .. لە خەونما سەرقافڵەی هەزارانێك بووم ..

هەر هەورازێ سەردەکەوتم یەکێك دەکەوت ..

یەکێکیتر جێی دەهێشتم

کەچی بۆ دوا جار..کە سەرم بەرز کردەوە

تۆ لە پێشمەوە

هەر خۆت تەنیا مابوویتەوە

تاشەبەردەکانت ڕادەماڵی و

چ شیرین.. بە ڕووما دەتریقایتەوە !

1979/8/21

هەولێر